# تاهیر تۆفیق

1922–1987



ئەم هونەرمەندە مەزنەی کورد لە ساڵی 1922 دا لە شاری کۆیە هاتۆتە دونیاوە، لە باوەشی خێزانێکی هەژار چاوی کردۆتەوە و خوێندنی تا پۆلی سێهەمی ناوەندی بووە و لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی بیستەمەوە، لە کاتێ کە قوتابی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووە بەهرەی گۆرانیبێژی لە لا تەقیوەتەوە و بۆتە سروودبێژێکی دەنگخۆش و مامۆستاکانی هانیان داوە سروود و گۆرانی بڵێ.

ئەو هونەرمەندە لە سەرەتای ژیانی هونەریدا کەوتۆتە بەر کاریگەریی گۆرانیبێژە لێهاتووەکانی ئەوسای کۆیەی وەک (سێوە) و (مەلا ئەسعەد) و سوودێکی زۆریشی لە هونەرمەند (ئەحمەدی حەمە مەلا) وەرگرتووە. بەڵام کاتێک کە بازووی هونەری گۆرانی گوتنی بە هێز بوو، هەوڵی داوە دەنگ و


Copyright © Kurdi.fi

ڕێبازی تایبەتی خۆی هەبێ و لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە بۆتە گۆرانیبێژێکی خاوەن دەنگ و ڕێبازی تایبەتی خۆی.

تاهیر تۆفیق لە ساڵی 1945- ەوە بۆتە سەر دەستەی مەقامبێژانی سەر شانۆی ئاهەنگەکانی نەورۆزی کورد و گەلێک گۆرانی نیشتمانی و نەتەوەیی بە دەنگە خۆشەکەی چڕیوە و گوێگرانی سەرسام کردووە، چوونکە هەم خاوەن دەنگێکی زوڵاڵی دڵکێش بووە و هەم باشترین دەقی شاعیرە مەزنەکانی کوردی هەڵبژاردووە بۆ ئاوازەکانی. هەر کەسێک کەمێک ئاشنایی هونەری ئاواز و گۆرانی کوردی بێ و گوێی لە ناوی تاهیر تۆفیق بێت، یەکسەر ئاوازی گۆرانیە ڕەسەنەکانی (لە سەر شەو و ڕۆژی داناوە)ی حاجی قادری کۆیی و (لە باخان ئاه ونالێن دێ)ی وەفایی و غەزەلە تەڕ و پاراوەکانی مستەفا بەگی کوردی و ساقی هێرانی و عوسمان عەونی و (گوڵی سەربەستی)ی بەختیار زیوەر و (بیست و حەوت ساڵە)کەی فایق بێکەس و (شیرین بەهارە)ی ئیبراهیم ئەحمەد و چەند هۆنراوەیەکی ناسکی (هەژار) و (هێمن) و (گۆران) و (مەدهۆش) و ( دڵدار) و (دڵزار) و (مەجید ئاسنگەر) و (بێخەو) و (شارەزا) دێتەوە یاد.

لە ڕۆژی 1987.10.20 "تاهیر تۆفیق" گۆرانیبێژ و هونەرمەندی مەزنی کورد لە تەمەنی 65 ساڵیدا ماڵئاوایی لە کوردستان، هونەری گۆرانی ڕەسەنی کوردی و هونەر دۆستانی کرد و لە شارەکەی کۆیە لە نێو شەپۆلی خەم و پەژارەی هونەر پەروەران بە خاکی نیشتمان سپێردرا.

 Copyright © Kurdi.fi

تاهیر تۆفیق گۆرانیبێژێکی هونەرمەندی خاوەن هەڵوێستی نیشتمانی بوو. لە هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا گۆرانی بۆ کاربەدەستانی حکومەت نەگوتووە و هەموو گۆرانیەکی بۆ کورد و بۆ شاد کردنی دڵی هونەر دۆستانی چڕیوە و لە ماوەی ژیانیدا شەش نامیلکە و کتێبی لەو دەقە شێعرانەی کە بە گۆرانی گوتونی بە چاپ گەیاندووە و لە هەموویان جوانتر کتێبەکەی (گوڵی سەربەستی)یە کە بە پێشەکی کەریم شارەزا لە ساڵی 1983 بە چاپی گەیاندووە.

هۆنراوەی سترانی (گوڵی سەربەستی) تاهیر تۆفیق هی مامۆستا فایەق زیوەرە، کە شاعیرێکی هەست ناسک و بە بیروباوەری کوردە. ئەو هۆنەرە کوڕی شاعیری بە ناوبانگی کورد زیوەرە. کە لە ساڵی 1908 لە سلێمانی لەدایکبووە.

زیوەر سەرەتا وەک هەموو منالآنی ئەو سەردەمە لە حوجرە خوێندوویەتی و دواتر لە بەغدا درێژەی بە خوێندنەکەی داوە.

شاعیر لە کۆڕی تێکۆشانی نیشتمانی و کوردایەتیدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە. هۆنراوەکانی زیاتر نیشتمانپەروەری و دڵدارین. لە گەڵ ئەوەشدا خاوەنی کۆمەڵێک سروودی جوان و بە ناوبانگە. ئەم شاعیرە گەلێک چەرمەسەری و سەختی و ناخۆشی لە ژیاندا بینیوە، هەر بۆیەش ناوی خۆی دەنێتە: بەختیار زیوەر! لە ساڵی 1952 کۆچیدوایی دەکا و لە گوڕستانی گردی جۆگا لە سلێمانی، لە تەنیشت باوکیەوە نێژراوە.


Copyright © Kurdi.fi

دەقی هۆنراوەی گوڵی سەربەستی کە هۆنراوەی بەختیار زیوەرە و ماموستا تاهیر تۆفیق ئاواڑی بۆ داناوە:

# گوڵی سەربەستی

گوڵێک شیرینتر لە خونچەی بەهار
ناسکتر، جوانتر، لە شەوبۆی نازدار
گەشتر لە دیدەی وەنەوشەی نزار
گوڵێکە ناوی گوڵی سەربەستی
مەردە ئەو گەلەی بگاتە دەستی

گوڵی سەربەستی ئەی هێزی گیانم
ڕوشن کەرەوەی ڕێگەی ژیانم
تۆم نەبی، من خۆم بە هیچ نازانم
تۆم نەبی من هەرگیز ناحەسێمەوە
بێ بۆنی خۆشت نابوژێمەوە

با تەنیا هەر تۆ شاگوڵی من بی
سەرچاوەی سۆزی بە کوڵی من بی
تۆ تاقە یاری پڕ دڵی من بی
شێعرت پیا هەڵدەم بە زوبانی خۆم
بڵێم دەمێکە بە دڵ شەیدای تۆم


Copyright © Kurdi.fi

❊ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

1. تاهیر تۆفیق کەی و لە کوێ لە دایک بۆت؟ ..............................................................................

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

2. ناوی چەن شاعیرێک بنووسە کە تاهیر تۆفیق هەڵبەستەکانی کردوونوتو گۆرانی: ..........................

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

3. تاهیر تۆفیق کەی و لە چ تەمەنێکدا کۆچیدوایی کردووە؟ ......................................................

..............................................................................................................................................

4. بەختیار زیوەر کێیە؟ کورتەیەک لە ژیانی بنووسە: ..............................................................

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

5. بنووسە مەبەستی شاعیر لە گوڵی سەربەستی چیە؟ ..............................................................

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

Copyright © Kurdi.fi